
# نامەیەك بەرلەخەوتن

د. پشتیوان عەباس- سلێمانی
dr.pshtiwan@hotmail.com



لێم مه پرسه(...)؟!
لەکام ئەستێرەوە؟
یادەوەریە جوانەکانی

ئاسمانی سلێمانیت بیرخەمەوە
بە قەڵەمی کام ڕوتە داری پایزە ؟
وەسفی گەڵاڕێزانت بۆ بکەم
لە سەر سنگی کام کەمانچە؟
دەنگی کزەبای ئێوارانی شارەکەمت
بۆ عەزف کەم
لە دیوە خانی کام شیعر بدەم؟
تا کۆپلەیەك بدۆزمەوە
بەرگەی خەمەکانم بگرێت
بە کام چاو ؟
بڕوا نمە شارەکەم
بەو چاوەی کە تەنها جوانیە کانی
وەك سەرابێك ئەبێنێت؟!!
یان ئەو چاوەی بەدەم فرمێسکەوە
ئەو سیاسە تمەدارە خوێنمژانەی
کە چراخانیان کردۆتە شەوەزەنگ
بەگەمژەیەکی سەیر ئەبینێت
هاوڕێ گیان ..
خۆزگە منیش وەك تۆ ئەبووم
هەموو سامانی یادەوە ریەکانم
ئەبونە تابلۆیەك
کە شەوە ناخۆشەکانی شاری
بە کاڵترین ڕەنگ و
یادگاریە سەوزەکانیشی
قەرسیلەیی بنەخشایە
خۆزگە منیش هە ستێکم ئەبوو
جگەلە دەنگی چۆلەکەو
بەفری شاخ و
ئاوی کانی
هیچی تری بیر نەمایە
دەنگی تەقەو

ڤیژەی ژن و
هاواری منالّی برسی
تەنها خەوی شەوێك بوایە
كە هە ناسە یەكم بەر لە خەوتن
پڕ بە گەرووم
بە هەوای شارەكەم بایە
بە یانی زوو بەر لە گزنگ
پێڵوەكانم بە دیمەنێك
هەڵبڕیایە ؟!!
بیری تازەو
بۆنی عەتری ڕۆحی پاكی منالاّن
هە موو ئەو دیكتاتۆرە
چاو برسیە تازە دروستبوانەی
بە خنكاوی بدیایە.

2006/10/15